پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- کاتێک سەردانی نەخۆشێکی بکردایە پێی دەفەرموو: (لا بأس طهور إن شاء الله)

لە عبداللەی کوڕی عەباسەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- چوو بۆ سەردانیکردنی ئەعرابیەک کە نەخۆش بوو، وئەگەر بچووایە بۆ لای هەر نەخۆشێک پێی دەفەرموو: « لا بأس طهور إن شاء الله»، واتە: «هیچ ئازار وزیانێکی نابێت و پاککەرەوەیە لە تاوانەکان؛ بە ویستی خوای گەورە».

[صەحیحە] [بوخاری گێڕاویەتیەوە]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- سەردانی ئەعرابیەکی کرد کە نەخۆش بوو، وئەگەر بچووایە بۆ سەردانیکردنی نەخۆشێک دەیفەرموو: « لا بأس طهور إن شاء الله»، واتە: هیچ ئازار وسەختی وزیانێکی نابێت، و پاککەرەوەیە لە تاوانەکان وهۆکاری پۆشینی هەڵەکان وهەروەها هۆی بەرزبوونەوەی پلەتە لە ڕۆژی قیامەتدا؛ بە ویستی خوای گەورە.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/6009